# لێکۆڵینەوە ورووونکردنەوەی زۆرێک لەبابەتەکانی حەج وعومرە وزیارەت

## بەشی : حوکمی ئەو کەسەی کە لە غەیری مانگەکانی حەجدا دەگاتە میقات

# التحقيق والإيضاح لكثير من مسائل الحج والعمرة والزيارة

## فصل : في حكم من وصل إلى الميقات في غير أشهر الحج

< Kurdish - كردي - کوردی >


سەماحەتی شێخ عبد العزيز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )

سماحة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز (رحمه الله )

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# حوكمی ئەو كەسەی كە لە غەیری مانگەكانی حەجدا دەگاتە میقات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدولاّ و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بزانە ئەو كەسەی دەگاتە میقات دوو حاڵەتی هەیە :

**حاڵەتی یەكەم** : ئەگەر هاتوو لە غەیری مانگەكانی حەجدا گەیشتە میقات، وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو لە مانگی ڕەمەزان یان مانگی شەعباندا گەیشتە ئەو جێگایە، بۆیە لە هەقی ئەم كەسەدا سوننەت وایە ئیحرام بە عومرە ببەستێت و بە دڵ نیەتی بۆ بهێنێت و لە زمان تەلەفوزی پێ بكات، وبڵێ : ( لبیك عمرة ) یان ( اللهم لبیك عمرة ) پاشان دەست بكات بە ووتنەوەی ذیكری : { لبيك اللَّهُمَّ لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك }[1], وە زۆر بیڵێتەوە وبەردەوام بێت لە وتنەوەی ذیكری پەروەردگاری بەرز وبڵند، تا ئەو كاتەی دەگاتە ناو بەیت، جا كاتێك گەیشتە ناو بەیت ئیتر واز دەهێنێت لە تەلبیە كردن { لبيك اللَّهُمَّ لبيك .... } دواتر حەوت جار بەدەوری بەیتدا دەسوڕێتەوە وتەوافی دەكات، پاش ئەوەش لە تەواف تەواو بوو، لەپشت مەقامی ئیراهیمەوە دوو ڕكات نوێژی سوننەت دەكات، دوای ئەوە دەچێت بۆ سەر كێوی صەفا، لە نێوان صەفا ومەروەدا حەوت جار هاتوچۆ دەكات، ڕۆشتنی لە صەفاوە بۆ مەروە جارێكە و هاتنەوەشی لە مەروەوە بۆ صەفا جارێكی ترە، كۆتا جاریش كە لە مەروەوە تەواو دەبێت سەری دەتاشێت یان كورتی دەكاتەوە،بەمەش عومرەكەی تەواو بوو، هەموو ئەو شتانەی كە بەهۆی ئیحرامەوە لەسەری حەرام وقەدەغە بوو بۆی حەڵاڵ دروست دەبنەوە .

(1) بوخاری ڕیوایەتی كردووە، لە ( كتاب الحج ، باب الطيب عند الإحرام ) بە فەرموودەی ژمارە (1539)، وە موسلیم لە (كتاب الحج، باب الطيب للمحرم) بە فەرموودەی ژمارە (1189) ڕیوایەتیان كردووە .

**حاڵەتی دووەم :** ئەگەر هاتوو لە مانگەكانی حەجدا گەیشتە میقات، كە بریتین لە مانگەكانی (شەوال و ذي العقدة، و دە ڕۆژی یەكەمی مانگی ذي الحجة ) ئەم كەسانە لە نێوان سێ شتدا سەرپشكن : -

یەكەم: حەج كردنە بە تەنها.

دووەم : یان عومرە كردنە بە تەنها .

سێهەم : یان حەج وعومرە كردن پێكەوە .

چونكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) كاتێك لە مانگی ذي القعدة بۆ حەجی ماڵئاوایی گەیشتە میقات، هاوەڵانی سەرپشك كرد لە نێوان ئەو سێ جۆرەی نوسوكەدا، بەڵام سوننەت وایە ئەگەر ئەو كەسە هەدیەكەی ( ئاژەڵ بۆ سەربڕین ) ی پێ نەبوو ئەوا نیەتی ئیحرام بە عومرە بهێنێت، وە پاشان بەو شێوەیە عومرەكەی خۆی بكات، كە لە هەقی ئەو كەسدا باسمان كرد كە لە غەیر مانگەكانی حەجدا دەگاتە میقات، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی كرد بە هاوەڵەكانی كاتێك نزیك بوونەوە لە مەككە ئیحرام بە عومرە ببەستن، وتەئكیدی كردەوە لێیشیان كاتێك لە مەككە بوون، بۆیە بۆ بەجێهێنانی فەرمانەكەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) تەوافی بەیتیان كرد و سەعی نێوان صەفا ومەروەشیان تەوا كرد، وپاشان مووی سەریان كورت كردەوە، وتەحەلولیان كرد.

**بابەتێک : ئەو کەسەی کە حەجی ( قیران ) دەکات، وهەدی ( ئاژەڵی پێیە بۆ سەربڕین ) چی واجب دەبێت لەسەری ؟**

جگە ئەوانەیان نەبێت كە هەدی ( ئاژەڵیان پێ بوو بۆ سەربڕین ) پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) فەرمانی پێكردن كە لە ئیحرامدا بمێننەوە تا ڕۆژ قوربانی كردن ( یەكەم ڕۆژی جەژنی قوربان )، چونكە سوننەت وایە ئەو كەسەی كە هەدی (ئاژەڵی پێیە بۆ سەربڕین ) ئیحرام بە حەج وعومرە پێكەوە ببەستێت، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بەو شێوەیەی كرد، چونكە پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم ) خۆی هەدی ( ئاژەڵی سەربڕینی پێ بوو ) وە فەرمانیشی كرد بەو كەسە لە هاوەڵانیش كە هەدی ( ئاژەڵی سەربڕینی پێیە ) و نیەتی عومرەی هێناوە، نیەتی حەج وعومرە پێكەوە بهێنیت و ئیحرام بە هەردووكیان ببەستێت، وە تەحەلول نەكات لێیان تا یەكەم ڕۆژی جەژنی قوربان، ئەو كاتە تەحەلول لە هەردوكیان بكات، وە ئەو كەسەشی كە هەدی ( ئاژەڵی سەربڕینی پێ بوو ) وە تەنها نیەتی حەجی هێنا بوو، با لە نێو ئیحرامدا بمێنێتەوە تا ڕۆژی قوربانی كردن، وەك ئەو كەسەی كە نیەتی حەج وعومرەی پێكەوە هێناوە .

بەمەش زانرا : ئەو كەسەی ئیحرامی تەنها بەحەج بەست، یان بە حەج وعومرە، وهەدی ( ئاژەڵی سەربڕینی پێ نەبوو ) پێویستە لە ئیحرامدا نەمێنێتەوە، بەڵكو سوننەت وایە بۆی كە ئیحرامەكەی كە نیەتی بۆ هێناوە تەنها عومرەی پێ بكات، واتا : تەواف و سەعی نێوان صەفا ومەروە بكات وپاشان پرچی كوورت بكاتەوە و تەحەلول بكات، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی كرد بەو هاوەڵانەی كە هەدی ( ئاژەڵی سەربڕینیان پێ نەبوو ) ئیحرامەكەیان بكەن بە ئیحرامی عومرە بەتەنها، مەگەر ترسی ئەوەی هەبێت لەبەر درەنگ هاتنی بۆ مككە حەجی لە كیس بچێت، ئەو كاتە كێشە وگرفت نیە لە ئیحرامدا بمێنێتەوە، خوای گەورەش زاناترە .

## بابەتێک : مەرجدانان بۆ ئەو كەسەی دەگاتە میقات و نەخۆش دەكەوێت، یان ترسی لە دوژمن یان هەر شتێكی تر دەبێت :

خۆ ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی لە ئیحرامدایە ترسی ئەوەی هەبوو لەبەر نەخۆشی، یان لەبەر دوژمن، یان لەبەر هەر هۆكارێكی تر نەتوانێت ئەركانەكانی حەجی یان عومرەكەی تەواو بكات، ئەوا سوننەت وایە لەكاتی نیەتهێنانی ئیحرامدا بڵێ : ( فإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني ) [1] .

(1) ابن القيم لە پەرتووكی (إعلام الموقعين) لە ( بەرگی 3 / لاپەڕە 229 ) لە فەصلی ( هل تعلق التوبة بالشرط ) باسی كردووە

واتا : ئەگەر هاتوو هۆکارێك بوو بەمایەی ڕێگریم لە تەواو کردنی حەجەکەم یان عومرەکەم، ئەوا لەو جێگایەی کە ڕێگریم لێکراوە تەحەلول دەکەم .

چونکە ضیاعــەی کچــی زوبەیر ( خوایان لـێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە ووتی : { یا رسول الله، إني أريد الحج وأنا شاكية، فقال لها النبي – صلى الله عليه وسلم : حجي واشترطي أن محلي حيث حبستني }[1] .

واتا : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەمەوێت حەج بکەم، وگومانی ئەوەم هەیە کە نەتوانم حەجەکەم تەواو بکەم، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پێی فەرموو : حەجەکەت بکە، و مەرج دابنێ، ئەگەر نەمتوانی تەواوی بکەم لەو جێگای تەحەلول دەکەم .

سوودی ئەم مەرج دانانە ئەوەیە : ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە، ئەو مەرجەی دانا، ئەگەر هەر شتێك بوو بە مایەی ڕێگری کردنی لە تەواو کردنی حەجەکەی یان عومرەکەی لە نەخۆشی یان دوژمنەکەی ڕێگری لێکرد، دروستە تەحەلول بکات و ئیحرامەکەی بشکێنێت، وە هیچ شتێکیشی لەسەر واجب نابێت، خوای گەورەش زاناترە ..

[ لە کۆتاییەوە لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە حەجی حاجیانی هەموو جیهان گیرا بکات بە تایبەتی حاجیانی کوردستان، وە حەجەکەیان بگێڕێت بە حەجێکی مەبرور، کە پاداشتەکەی لای خوای گەورە ومیهرەبان تەنها بەهەشتی نەبڕاوە و هەتا هەتاییە] وەرگێڕ.

خوایە ئەم نزا وپاڕانەوەمان لـێ گیرا بکەیت، اللهم امین یارب العالمین .

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم .

---

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە ( كتاب النكاح، باب الأكفاء في الدين ) بە فەرموودەی ژمارە (5089)، وە موسلیم لە (كتاب الحج، باب جواز اشتراط المحرم التحلل بعذر المرض) بە فەرموودەی ژمارە (1207) لە بضاعەی کچی زوبەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە .